# نووسین و هەڵەکردن وەک بەشێک لە سایکۆلۆژیای نووسەر

د. نەسرەددین ئیبراهیم گولی
(زانینگەی زاخۆ - فاکۆڵتی پەروەردە)

بە بوێرییەوە دەبێ بگۆترێت و دان بەو ڕاستییەدا بنرێت کە نووسین یەکێکە لە کارە قورس و گرانەکان کە هەموو کەسێک توانایی جێبەجێکردنی نییە. بەڵگە بۆ ئەم قسەیە ئەزموونی زۆر کەسە و نموونەیەکی سادەی ئەوەیە کە زۆرجار داوامان لە مامۆستایانی هاوڕێ و دۆست لە ستافی بەشە زانستییەکان و زانینگەکان کردووە، وەک چالاکی بۆ بەرزکردنەوەی ڕیزبەندی (ڕەنکینگ - ranking)ی بەشەکانیان بابەتی زانستی و پسپۆری بە زمانی شیرینی کوردی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردستاندا بنووسن، ئەوان بیانوویان هێناوەتەوە و دەیانگوت ئێمە نازانین بە کوردی بنووسین، چونکە کولتوور و ڕۆشنبیری و خوێندنمان بە زمانی تر بووە، واتە بە عەرەبی بووە، بۆیەش پێمان دەگوتن قەیدی ناکات بە عەرەبی بنووسن تا هیچ نەبێ خەڵکی سوودی لێ وەربگرن، هەبوو خۆی دەدزییەوە، یان خۆیان لە گێلی دەدا، هەبوو دەیگوت باشە دەینووسم، بەڵام ئێستاشی لەگەڵدا بێت و دوای چەندان ساڵ هێشتا یەک دێڕیشیان نەنووسیوە.

لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە گلەیی لەو مامۆستایانە بکەم کە بۆچی و چۆن دەبێ زمانی خۆیان نەزانن، بەڵام بۆ دەبێ زمانی خەڵکی زۆر بە باشی بزانن، یان باشە ئەگەر ئێوە بڕوانامەی بەرزتان هەیە، چۆن چۆنی نامەکانتان نووسیوە، یان کێ بۆی نووسیون، چونکە نووسین تەنیا ڕیزکردنی چەند وشەیەک و داڕشتنی چەند ڕستەیەک نییە، هەروەها نامەوێ بڵێم، چونکە من چەند وتارێکم نووسیوە بۆمبی ئەتۆمم داهێناوە، یان شاکارم نووسیوە. مەبەستی سەرەکی ئەم گوتارە ڕوونکردنەوەیەکی سادەیە لە گۆشەنیگایەکی



**فرۆید**

سایکۆلۆژییەوە بۆ خودی نووسین، کە دەڵێین نووسین زەحمەتە مەبەست ئەوەیە کە پیشان بدەین کار، بۆ نموونە کارکەرێک لە شوێنێک کار دەکات، ئەوجار کارگەیەکی کەرتی تایبەت بێ، یان هەر شوێنێکی تر، تەنیا ئەرکە سەرەکییەکەی چەند جووڵەیەکی فیزیکی و لەوانەشە هەندێک بیرکردنەوەی ڕۆتین و سنووردار بێت کە پێویستی بە وزە و توانایەکی زۆر نەبێ، بەڵام نووسینەوە و کاری نووسەران، بە پێچەوانەی تێگەیشتنی خەڵکی وا نییە، نووسەر بێجگە لەوەی پێویستی بە تێڕوانین و تەماشاکردنی زۆر وردی بۆ بابەت و دیاردە و ڕووداوەکان هەیە، چەند ئەوەندەش پێویستی بە تواناییەکانی خودی هەیە. خەڵکی ئاسایی، کاتێک بەلای بابەتێکدا تێپەڕ دەبن، زۆر بە ئاسایی و ڕووکەشانە و دوور لە وردبوونەوەیەکی پڕ لە تیژبینییەوە تەماشای ئەو بابەت و ڕووداوانە دەکەن و هەر ئەوەندەی دەبینن کە لەو بابەتەدا بەرچاویان کەوتبێ، کاتێکیش ئەو شتە لەبەر چاوانیان ون دەبێ، لەگەڵیشیدا هەموو شتەکانی پێوەندیدار بەو بابەتەشیان لە یاد نامێنێ، وەک ئەوەی کە هیچ شتێک ڕووی نەدابێ، ئەو کەسەش هیچ شتێکی نەدیبێ و نەزانیبێ، بەڵام نووسەر ناتوانێت وابێت، بەخۆی ناوەستێ کە وەها بە ئاسانی و خەمساردییەوە لە کۆڵ ئەو ڕووداوە بێتەوە و لە بارەیەوە بیر نەکاتەوە و خۆی لێی لە گێلی بدات، تەنانەت تەماشاکردن و ڕوانینیشی بۆ بابەتەکە بە چاوێکی ئاسایی نییە، بەڵکو زۆر ورد و تیژبینانەیە، تیژبینی (استبصار – insight) ئەو چەمکە سایکۆلۆژییەیە کە بیردۆزەکانی سەر بە ڕێبازێکی گرنگی دەروونناسی، واتە گشتاڵتییەکان، لە هزرکردن و ڕەفتار و چالاکی و هەڵسوکەوتەکانی ڕۆژانەی مرۆڤەکاندا زۆر بە گرنگی دەبینن.

نووسەر لەدوای بابەتە خوازراوەکەی خۆی، ئۆقرەی نامێنێت و ئارامییەکەی لە دەست دەدات و پشوودان و پاشەکشەی پێ زۆر خراپ، بەڵکو نەزۆکییە. لە هەر چرکەساتێکدا لە ڕوانگە جیاوازەکانەوە تەماشای ڕەهەندە جیاوازەکانی دەکات. ئەم هەموو کارەش بێجگە لە توانستە دەروونی و مێنتاڵی (ئەقڵی) و بابەتییانە، لەوانەش هەبوونی کات و دەم و هەڵکەوتی گونجاو و کەرەستەی پێویست و نرخاندنی کۆمەڵایەتی، هەستی بەرپرسیارێتی بەهێزی لەگەڵدا بێ، هەستی بەرپرسیارێتی هەوێنی ژیانە. زۆرینەی هەرە زۆری کەموکووڕی و گیروگرفت و کێشە بچووک و گەورەکان، چ لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگا و خێزان و چ لەسەر ئاستی زۆر گەورەی وەک وڵات و نیشتمان و جیهان، بەهۆی نەبوونی هەستی بەرپرسیارێتی لە لای تاک و دەستەڵات و گرووپ و لایەن و تاقم و کۆمەڵگا و جیهانەوە دروست دەبن.

لە خوای پاک و بێگەرد بە زیاد بێ کە ئێمەمانان لەو تاقمە نین، بەڵام ئەو کەسانەی کە لە ژێر گوشاری دەروونی، یان پاڵەپەستۆی فاکتەرەکانی خێزانی و کۆمەڵگا لاڕێ دەبن و پەنا بۆ خۆاردنەوەی خواردەمەنییە ئەلکۆلییەکان دەبەن و پێی سەرخۆش دەبن، نموونەیەکە بۆ ئەم باسوخواسە زۆر گونجاوە. مرۆڤێکی سەرخۆش، وەک باسی لێوە دەکەن، سەرخۆشە و توانستە ئەقڵی و هزری و ڕەفتاری و جووڵەییەکانی لە دەست خۆی نییە. واتە نەک خۆی نایەوێ، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە گۆڕانکارییە کیمیاوییەکانی سیستمی دەماری و دەزگای کۆدەماری ئەو کەسە لە ژێر کاریگەری ئەو خواردنەوە سەرخۆشکەرانەدا لە ئاستێکی وەها بەرزدایە کە ئیتر شیان و توانایی کۆنترۆڵکردنەوە لەو کەسە سەنراوەتەوە، ئەو کەسە چیتر توانایی لێک جیاکردنەوەی دیفاکتۆ و

(واقیع) و کەتواری نییە. نازانێ ئەوەی بەرانبەری چییە و کێیە و دەبێ بە پێی بەها کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵگایە چۆن و بە چ شێوازێک هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێ تا کەس لێی زیانمەند نەبێ، بێ گومان ئەو کەسەش ئەو تواناییەی لە دەست داوە و زۆرجار هەڵسوکەوتەکانی لەگەڵ ئەو هەڵوێستەدا ناگونجێن و زۆرجار ڕەفتاری وەها ناشیرین و نەشیاو بەرانبەر بە کەسانێک دەکات، یان قسەی وا لە دەمی دەردەچن کە نەدەبوایە بیکات و بیڵێت، بە واتایەکی تر لە چوارچێوەی دابونەریت و بەها کۆمەڵایەتی و مرۆڤییەکان لا دەدات.

نووسەریش لە هەندێک ڕووەوە لە سەرخۆشێک دەچێ کە لە ژێر گوشاری بیروباوەڕ و بەها تایبەتەکانی خۆی و پەروەردەیەکی دەستنیشانکراو ئاراستەی هزری و ئایینی و سیاسی و نەتەوەیی و زانستی و تایبەتییەکەی خۆیدا، لە نووسینەکانیدا نەتوانێ لە کاریگەری ئەم فاکتەرانە بە دوور بێ، هەرچەندە بشیەوێ خۆی لێیان بپارێزێ، ناتوانێ، چونکە ڕاستییەکەی ئەو فاکتەرانە ئەو نووسەرەی کوێر، یان بەنج، یان هیپنۆتیزم (تەنویم موگناتیسی)، یان هەر ناوێکی تری هاوشێوەی لێ بنێی کردووە و توانابییە نووسینەوەییەکەی وەها خستووەتە ژێر ڕکێفی خۆی کە دەرچوون لێی زۆر ئەستەم بووە، بێ گومان کە ئەمە لە زانست و لۆژیکەوە دوورە، کەسێک بیەوێ پێشنیار بکات نووسەرێک لە کاتی نووسینی بابەت، یان وتار، یان چیرۆک، یان ڕۆمان و پەخشان و هۆنراوە و هۆزانێک، یان هەر بابەتێکی تر، خۆی لە کاریگەریی ئەم فاکتەرانە بە دوور بگرێ و نەکەوێتە ژێر گوشاری ئەو فاکتەرە بەهێزانە، چونکە مرۆڤی نووسەر وەک هەر مرۆڤێکی تری ئاسایی لە پرۆسێسی ئاڵۆزی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی (تەنشیئەی ئیجتماعی – so-cialization)، لە تاک تاکی چرکەساتەکانی ژیانیدا لە ژێر سێبەری هەر یەکە لەو فاکتەرانەی ڕۆژگار بەسەر دەبات و لە هەر ساتێک لەو کاتانە و کاریگەری یەک بە یەکی ئەو فاکتەرانە پەیتا پەیتا بەردەکانی بناغە و دیوارەکانی کەسایەتییەکەی لە هەموو ڕووەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئایینی، ویژدانی، هەڵچوونی، سۆزداری، جەستەیی، ڕەوشتی و ... تاد، دادەنرێن و لە ئاکامدا ئەو کەسەی لێ پەیدا دەبێ کە ئێمە لەو چرکەساتەدا بەناوی " نووسەر " دەیناسین، کەواتە کەسێتی مرۆڤی نووسەر بەشێکە لە بەرهەمی کاریگەری ئەم فاکتەرانە، بۆیەش دەبینین کە نووسەر لە چرکەساتێکدا و بە پشتیوانی ئەزموونە تایبەتییەکەی خۆی ڕابوردوو و ژیانی ئەو ساتە و ئێستاکەیی ئێمە باسی لێوە دەکەین، دەیەوێ لە ئاییندەدا بەرهەمێکی نووسین پێشکەش بکات، لە پرۆسێسی نووسینەوەدا و لە ژێر گوشاری فاکتەرەکانی سەرەوە و لەگەڵیشیدا سرووش (ئیلهام) دەست بە نووسین دەکات.

ئەو قۆناغەی نووسینیش زۆر قورسە و وریاییەکی باشی دەوێ. نووسەر لەو کاتەدا بەنج کراوە و وەک سەرخۆشێک وایە. بیروباوەڕ و هزرەکان لە شێوازی پیت و وشە و ڕستە و دێڕی نووسراو لە لاپەڕەکاندا ڕیز دەبن و بیرۆکەکان دەخرێنە ڕوو. سێبەرێکی بەهێز لەسەر سەری هەستەوەر (شعور – وەعی)دا قورساییەکی ئێکجار زۆر هەیە و گراناییەکەی لە گرانی هەستەوەری و هایدار زۆر زیاترە و ئەویش نەست، یان ناهایدار (لاشعور)ە، بۆیەش کاتێک کە هەستەوەر، یان هەست، یان بەشی هایداری کەسێتی مرۆڤ خەریکی دەربڕینە و لە بارەی هەموو ئەو شتە هەنووکەییانەی دەیانەوێ لە مێشکی نووسەر و لە بارەی بابەتە هەنووکەییەکەی بەدەست بێن و بکەونە سەر لاپەڕەکان، لەژێر کاریگەری بەشە گرنگەکەی تری کەسایەتی خۆی، وەک سیگمۆند فرۆید (١٨٥٦-١٩٣٩)، دەروونناس و شرۆڤەکاری بەناوبانگی چەرخی بیستەم دەڵێت، وەک لە سەرووتر ئاماژەمان پێ دا، نەست، یان نەخواستی، یان ناهایدار ناچار دەبێ زۆرجار و لە ژێر گوشاری ئەم بەشەدا شتی وا بنووسێ و دەربڕینی وەها بەکار بێنێ کە لە کاتە ئاساییەکانی تردا لەوانەیە نەیدەکرد، بۆیە هەر لە ڕوانگەی ئەم سایکۆلۆژیستەوە نەستی نووستوو و مێنتالیتەی شاراوە (ئەقلی باتن) و نادیاری مرۆڤ، وەک بەشی هەرە سەرەکیی کەسێتی مرۆڤ، پڕیەتی لەو بابەت و شت و ڕووداو و پێکهاتە و ئەلەمێنتەکانی هزری کە وەک ئاوی ژێر کا و گڵ، یان ئاگری ژێر کا، تەنیا لە ساتە هەستیار و گونجاوەکان دەردەکەون. فرۆید، لەو سۆنگەیەوە شێوازی تایبەتی داهێنا کە بە هۆیەوە دەیتوانی لە زۆر لایەنی شاراوەی کەسێتی ئەو نەخۆشە دەروونییانەی تێ بگات کە سەردانی دەکردن و خاڵە

لاوازەکانیان دەستنیشان و دواتریش چارەسەریان بکات.
یەکێک لەو ڕێگایانە دەربڕینی ئازادانە (تداعی حر، یان free association) بووە کە لە ڕوانگەی فرۆیدەوە دەکرێ لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی کەسێک بۆ زانینی ئەو هەستەی کە بەرانبەر بە کەسێک، یان لایەن، یان هەر شتێکی تر هەیەتی و وروژاندنی بۆ دەربڕینی ناو، یان هەندێک وشە، یان شوێن، یان بابەتی پێوەندداری بەو شوێن، یان کەس و لایەنە بزانرێت کە کەسی ژێر تاقیکردنەوە ئەو کاتەی کە هەستێکی ناخۆش، یان نەشیاوی بەرانبەر بەو ناو و کەس و شوێنانە هەیە، یان فۆبیایەکی تایبەتی هەیە لە کاتی دەربڕین، یان گوتن، یان بیستنی ئەو ناو و وشە پێوەندیدارانە تاڕادەیەک، یان زۆرێک پێی تێکدەچێت و پێی ناخۆش دەبێ، ئەوە ئاماژەیەکە بۆ ئەو هەست و ئەزموونە ناخۆش و تاڵەی کە لەگەڵ ئەو کەسە، یان شوێنە هەیەتی. بە هەمان شێوە دەکرێ ئەو شتە لە نووسینەکانیشدا بەدی بکرێت، هەروەها شێوازێکی تری فرۆید بۆ هەمان مەبەست بەناوی دەرپەڕین لە زمانەوە (فلتات اللسان) دەناسرێت، کاتێک کەسێک حەزی لە کەس، یان ناوێک و شوێنێک نەبێ لە کاتی دەربڕینی ناوی، یان ئەو شوێنە زمانی تێک دەئاڵێت و بە جوانی و دروستی دەربڕینی لێ ناکات. بە واتەیەکی تر و لە ڕوانگەی فرۆیدەوە کاتێک مرۆڤێک ڕق و کینەی بەرانبەر کەسێک و لایەنێک هەبێ، لەوانەیە ڕاستەوخۆ و ئاشکرا و لە بەردەمی ئەوان، ئەو هەستەی خۆی دەرنەبڕێ، بەڵام لە شوێنێکی تر و لە ناکاو بە بیستنی ناوی ئەو کەس و لایەنە، نەتوانێ وەک ئاسایی و بە شێوازێکی ڕاستودروست ناویان بێنێ، یان لەوانەیە لەگەڵ بیستنی ناویان قسەیەکی ناڕێک و نەشیاو بکات، یان لە دووبارەکردن و گوتنی ناویان تووشی کەموکووڕی و شت و ڕەفتاری ناوازە ببێ.

هەر بە هەمان شێوە نووسەریش لە ژێر کاریگەری ئەم بەشەی پێکهاتەی کەسێتی خۆی، لەوانەیە وشە، یان ڕستەی وا بنووسێ کە لە کاتێکی ئاساییدا هەرگیز بەکاریان نەهێنێ، بۆیە نووسەری لێهاتوو ئەو کەسەیە کە لە دوای تەواوبوونی ڕەشنووسی نووسینەکەی خۆی لە هەر بوارێکدا، ماوەیەک کەم و زیاد نایار، وەک پشوودان و دەرفەت وازی لێ بهێنێ و لەبەردەستی بێ، تا نووسەر لەو دۆخە خەواڵووە و خەونە موگناتیسییەی پێشتر کە تێیدا بابەتەکەی نووسیوە و هۆنراوە و هۆزانەکەی هۆنیوەتەوە، دەردێت و لێی بە ئاگا دێت، یان بە گوتەیەکی تر لە زنجیر و کۆت و بەندەکانی ئازاد و ڕزگاری دەبێ، ئینجا جارێکی تر پێداچوونەوەی بۆ دەکات و ئەم جارە بە چاوێکی ڕەخنەگرانە لێی وردتر دەبێتەوە تا نەوەک لە کاتی سەرخۆشبوونی نووسینەوەدا وشە و چەمکی ناشیاو و دوور لە بەها کۆمەڵایەتی و مرۆڤی و ئایینی و هزری و لۆژیکی و زانستییەکان، یان بەدەر لە پێوەرە ڕەوشتییەکانی بەکار هێنابێ و نووسیبێت، چونکە زۆرجار ئەم جۆرە دەربڕینانە گیروگرفتی گەورەیان لێ دەکەوێتەوە و گیروگرفتەکەش زیاتر یەخەی خودی نووسەر، یان ڕۆژنامە و گۆڤار، یان لایەنێکی تایبەت، یان وڵات و نەتەوەیەک دەگرێتەوە. یەکێک لە ئەرکە گرنگ و ڕەوشتییەکانی نووسەر چارەسەرکردنی کێشەکانە، نەک زیاتر کردنیان و دروستکردنیان.

نووسەر لە کاتی نووسینەوەدا ئاگای لە نووسین نییە، چونکە وەک سەرخۆشێک وایە و ئاگای لە دەم و کات و زمان و پێنووسەکەی نییە، بەڵام دواتر دەبینێ کە شتی ناڕێکی نووسیوە. وەک مرۆڤێک کە لە کەسێک تۆراوە و لە کاتی تووڕەبوونیدا دوور نییە هەر قسەیەکی پێ بڵێت، یان هەر جۆرە ڕەفتار و کارێکی لێ بوەشێتەوە، چەندان کوشتن و تاوانی هاوشێوە بەرهەمی هەڵوێستی ئەو کاتە گرژانەن کە لەوانەیە تێیدا مرۆڤێک هەبێ نەتوانێ بڕیاری دروست و گونجاو بدات و تووشی هەڵەی زۆر گەورە و زەبری کوشندە ببێ کە دواتر قەرەبووکردنەوەی ئەستەمە. بۆ نموونە لەوانەیە نووسەرێک لە ژێر هەڵوێستێکی وەک جەنگی پێشمەرگەی کوردستان لە دژی تیرۆریستانی ڕێکخراوێکی تیرۆریستی نائیسلامی، بەڵام بەناو ئیسلامی و شەهیدبوونی هەژمارێک پێشمەرگە، زۆر تێک بچێت و لە هۆش خۆی نەبێ، یان ئەوەندە بە ئاگا نەبێ و تەنیا کاتێک بە ئاگا بێتەوە کە لە دژی ئایین و بنەما ئایینییەکانی کۆمەڵگای خۆی شتی نووسیوە، ئەوە لە کاتێکدایە کە دواتر ناچار دەبێ دان بەوەدا بنێت کە ئایین ئەو بیروباوەڕ نییە کە هەندێ کەس و لایەنی وەک ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە، یان چەند لایەنێکی تایبەت و

دەمارگیر و بازرگانانی ئایینی و کەسانی دۆگماتی و هەلپەرستی ئایینی، خودی ئایین وەک ئامراز و کەرەستە و کالایەک بەکار دێنن بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان و زیادکردنی ژمارەی لایەنگر و ئەندام و چەکداری خۆیان، بەڵکو ئەو ڕاستییەی بۆ دەربکەوێ کە ئایینەکان و بە تێکڕا هەموویان لە یەک سەرچاوەوە هاتوون و ئەویش یەزدانی ئەهورامەزدا و خودای گەورە و میهرەبانە، کە ئافرێنەری هەموو جوانییەک و ڕاستی و مافێکی ڕاستەقینە و ڕەوای مرۆڤەکانە، ئایین ئەنجامدانی چەند جووڵەیەکی تایبەت لە شوێن و کاتێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو بنیادی یەکێک لە گەورەترین و جوانترین بەها کولتووری و فەرهەنگی و ڕەوشتی و مرۆڤی و کۆمەڵایەتییەکانە کە ئەویش هەستی بەرپرسیارێتییە (responsibility). ئەویش بریتییە لە بەرپرسیارێتی بەرانبەر بە خوای گەورە و هەموو ئەو شتانەی ئافراندوویەتی و ڕێزگرتنی بەرانبەر بە ئەوان و لە سەرووی هەمووشیانەوە خودی مرۆڤەکان. ئەو هەستە دەکرێ لە هەر شوێن و کات و دۆخێکدا بکرێت، خۆبەستنەوەیەکی مەرجدار بە ئایین زۆرجار کاردانەوەی خراپ، بەڵکو ئەنجامی چەوتی لێ دەکەوێتەوە. بۆ نموونە زەردەشتی میدیای سپیتمان، پەیامبەرە شەهیدەکەی ئارایییەکان، لە سەرەتا و لە یەکێک لە تاریکترین قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤایەتی و شارستانییەتەکەیدا و لە نزیکەی چوار هەزار ساڵ لەمەوبەر، بە دروشمی "هزری باش، گوتاری باش، کرداری باش"، بە کتێبی "ئاڤێستا" جوانترین بەها مرۆڤی و ڕەوشتییەکانی لە نێو کۆمەڵگادا بڵاو کردەوە، بەڵام دواتر و پەیتاپەیتا ئەو ئایینە لە لایەن پیاوە ئایینییەکان (مۆغ) و هەلپەرستانی ئایینی بە لاڕێدا برا و لە ئاکامدا ئەوەندە کۆمەڵگای پێ لاواز بوو کە دواتر ئیمپراتۆریەتە زلهێز و گەورەکەی ئارایی لەسەر دەستی چەند کەسێکی برسی و ڕەش و ڕووت و پێ پەتی و بیابانگەرد کۆتایی پێ هێنرا، چونکە ئایین لە هەستی بەرپرسیارێتی کرا بە ئامرازێک بۆ تێرکردنی حەز و ئارەزووە تایبەت و بەرژەوەندییە تایبەت و کەسۆکییەکانی چەند کەس و لایەنێکی پێوەندار، ئەوەش سەرەتای ڕووخانی هزری چاکسازیی پەیامبەرەکان بوو، ئەوانە تەنیا چەند نموونەیەک بوون بۆ ئەم هزر و بیروباوەڕە و هەستیاریی کاری نووسینەوە و قورساییەکەی وەک پیشەیەک لە پیشەکانی کۆمەڵگا. دیارە نووسینەوەش هەمان ڕێچکەی لە پێشە و جۆرێک لە بەرپرسیارێتییە بەرانبەر بە خودی خۆی و بیروباوەڕ و بەها کۆمەڵایەتی و ڕەوشتییەکانی کۆمەڵگا، ئەو وشە و ڕستە و چەمکانەی کە بۆ دەربڕین لە هزر و بیروباوەڕەکانی نووسەر و لە چوارچێوەی ئەم بەهایانە سوودی لێ وەردەگیرێت. بۆ ڕاگرتنی ئەو هاوسەنگی و باڵانسە و لەبەرچاوگرتنی پیرۆزیی ئەم بەهایانە لە لایەن نووسەر بە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی نووسەر و ئامانجە هەمیشەییەکانی نووسینەوە دەژمێررێت، تەنیا نووسەرێک و نووسینەوەیەک بە سەرکەوتوو دەزانرێت کە بتوانێت ئەو فۆرمۆلە لە هەموو بابەتەکاندا جێبەجێ بکات.